# كه ژاوەی هێمنی ئەوینت

كنێر حەسەن خانم
13.03.2007



به کەمانجەی ڕۆحت ئاواز پژێنم که
من له داستانی ئا وازەکانی تۆ ئەگەم
من چاوانت له دارستانه تاریکەکان ئەکەم به (ڕۆژ) و
گۆرانیەکانی ناختم ئەزبەرەو، بێ باکم له بەرانبەر شەو
مەنگی چاوت مەستم ئەکات
من پەی بەم سیحره ئەبەم ، که له چاوی تۆ به دیم کرد
ئەم سیحره هەمیشه بەرەو سەوزایی نیگات کێشم ئەکات
تۆم کرد به ڕووناکی
تۆش وەک موزیک ژەنێکی شەیدا، تابلۆ ئەکێشی و
که ژاوه ی هێمن له ئەوین چێ ئەکەی و
بارانی عەشق بەسەر بەیاره تێنوەکانی من به تۆ... ئەبارێنی
تۆ بۆ من ( یوسف) ێکی
به دەرکەوتنت
سەوزبوون له پایزو.. نوێ بوونەوه له چناره پەککەوتەکان
هەڵفڕین له ڕۆحی من و.. هیوا له نیگاکانم . خەلق ئەبن
(زولەیخایانه) ئەتپەرستم
سەبەتەیەک به دەست ئەگرم و
خۆشەویستیت گەرمی چلەی هاوینم بیر ئەباتەوه
دێم و له بەیاره ئاوەدانەکانی تۆ
ترێ ڕەش ئەچنم ، دێم تا به هەتاو بڵێم
تیشکی چاوانی(یوسفه) کەم جوانتره له بریسکانەوەی تۆ
دێم سەبەتەکەم پڕ ئەکەم له مەستی و
ئەگەڕێم.. له چاوانت له م لێوانەی تامی ترێیان لێ دی
دێم وماندوو بوونت ئەخۆمەوەو
به کزه با ئەڵیم بە.. ( ئێواره).. باوەشێنی ڕۆحمان بکه
ئێمه به ماچ ئەوین پیرۆزئەکەین
به شەو ئەڵیم له باوەشی ئەو له تاریکیت سڵ ناکەمەوه
باتا هەتایه شەو بێ.. باکم نیه